# کارەساتی بەردبارانکردنی دوعا و پێویستیی کاردانەوەیەکی مەحکەم

**رێبوار ئەحمەد**

بەردباران کردنی دوعای تازە لاو، بەو شیوازە درندانەیە، ویژدانی خەلکی دنیای راچلەکاندوە. پاش بلابونەوەی هەوالو فلیمی ئەم تاوانە سامناكو درندانەیە لە میدیا کوردیەکانو پاش رەنگدانەوەی لە میدیا جیهانیەکاندا، نارەزایەتیو نەفرەتیکی گەورە لە ئاستی جیهاندا بەرامبەر ئەم کارەساتە تەقیەوە.

دەولەتی دەستسازی ئەمریکا لە عیراق بە سەرۆکایەتی جەلال تالەبانیو نوری مالکی، وا دیارە شەرمی زۆر لەوە زیاتر تکاوە کە بەرامبەر بەم رووداوەو نارەزایەتی گەورەی خەلکی عیراقو کوردستان بەرامبەر ئەم تاوانە سامناکە، بە پیویستی بزانێ تەقەلایەك بکات تەنانەت بۆ خۆ پاککردنەوە. ئەم حکومەتە خۆیشی زۆر لەوە کەمتر بە حکومەت دەزانێ کە هەست بە مەسئولیەت بکات.

بەلام حکومەتی هەریمی کوردستان کە ناتوانی لە ئاست گوشاری ئەم نەفرەتە گەورە ناوخۆییو جیهانیە خۆی لە گیلی بدات، بۆیە چەند رۆژ دوای ئەم کارەساتەو دوای تەقینەوەی دەنگی نارەزایەتی لە ئاستی کوردستانو جیهاندا، هەروەکو ئەوەی تازە هەواڵەکەیان بیستبیت، هەم حکومەتی هەریمی کوردستانو هەم پەرلەمانو هەم حیزبە ناسیونالیستە دەسەلاتدارەکان، بۆ خۆدەربازکردنو شان خالی کردن لە مەسئولیەتیان بەرامبەر ئەم بەربەریەتە، کەوتنە بلاوکردنەوەی لیدوانو هەلویست دەربرینی فریوکارانە.

بەهانەیان بۆ شان خالی کردن لە مەسئولیەت ئەوەیە کە دەلین "هەرچەندە ناوچەی رووداوەکە لە رووی ئیداریەوە نەگەراوەتەوە سەر هەریمی کوردستان، بەلام حکومەتی هەریم هاوکاری دەکات بۆ لیکۆلینەوەو سزادانی تاوانباران" خودی ئەم چەند ووشەیە کە زۆر دوپاتی دەکەنەوە، بەو مەبەستەیە کە ئەوان تەنها بۆ خۆ دەربازکردن لە زەختی نارەزایەتیو نەفرەتی خەلك ئەم لیدوانانە دەدەنو ئەگەر زەختی نارەزایەتی نەبیت، ئەم تاوانە جەرگبرەو تاوانبارەکانی، هەروەکو هەزاران تاوانی دیکەی کوشتنو لوتبرینو سەربرینی دیکەی ژنان مامەلە دەکەن کە 16 سالە لەو ناوچانەی کە لە رووی ئیداریەوە سەر بە هەریمی کوردستانە روویانداوە.

بۆ ئەوەی بەم فریوکاریانە مەسئولیەتی حکومەتی هەریمو حیزبە ناسیونالیستە دەسەلاتدارەکان پەردەپۆش نەکریت، دەبێ چ جەماوەری کوردستانو چ خەلکی ئازادیخوازو بەدەنگهاتوی دنیا ئەو راستیە بزانن، کە دامو دەزگاکانی هەریمی کوردستانو ئەم حیزبە ناسیونالیستە دەسەلاتدارانە، لە زۆر ناوچەدا بە کردەوە حوکمرانو دەسەلاتدارن کە لە رووی ئیداریەوە لە ئیستادا سەربە هەریمی کوردستان نین. نمونەی بەرجەستەش ناوچەکانی دەوروبەری شاری کەرکوكو موصلە. ئاسایشو پیشمەرگەو دەزگاکانی یەکیتیو پارتی لە زۆر ناوچەی دەرەوەی قەلەمرەوی رەسمی هەریمی کوردستان، چ بۆ سەرکوتکردنی دەنگی نارەزایەتی خەلك بیت بەرامبەر وەزعی خراپی ژیانو نەبونی خزمەتگوزاریەکان، چ بۆ ئەو مەسەلانەی کە بۆ خۆیانو دەسەلاتەکەیان بە گرنگی بزانن، تا ئیستا دەستیان لە هیچ کاریك نەپاراستوەو سلیان لەوە نەکردووەتەوە کە ئەو ناوچانە لە رووی ئیداریەوە سەر بە هەریمی کوردستان نین. بەلام کاتیك مەسەلەکە دەگاتە هەلوێستو کاردانەوە بەرامبەر کارەساتیکی وەکو بەردباران کردنی دوعا، یەکسەر دەکەونە بیری ئەوەی کە بۆ شان خالی کردن دەتوانن ئەم بەهانە ئیداریە پوچە بەرجەستە بکەن.

بەلام جیاواز لە پوچی ئەو بەهانەیە، میدیاکان باسی ئەوە دەکەن کە مەسئولیەتی حکومەتی عیراقو هەریمی کوردستانو ئەحزابی دەسەلاتدار، هەر ئەوە نیە کە بەریان بەم تاوانە نەگرتوەو ئیستاش پەیگیر نین لە لیکولینەوەو سزادانی تاوانباران، بەلکو بەرپرسانیان راستەوخۆ گەورەترین بەشداریان بووە لە ئەنجامدانی ئەم کارەساتەدا. هەموو سەرچاوەکانی هەوال جەخت لەسەر ئەوە دەکەن جیگری پاریزگاری موصل کە لەلایەن ئەحزابی ناسیونالیستی کوردەوە بۆ ئەو پۆستە کاندید کراوە، بە دەستی خۆی دوعای تەسلیم بە بنەمالەکەی کردوە بۆ ئەوەی بەو شیوە بەربەریانەیە سەرو ئیسكو پروسکی بهارن. کەوایە سەرانی حیزبەکەی جەنابی جیگری پاریزگارو سەرۆکی هەریمو حکومەتی هەریمو قارەمانەکانی ناو هۆلی پەرلەمانی هەریم، بەرامبەر ئەم مەسەلەیە چی دەلین؟

هەروەها دیسان سەرچاوەکانی هەوالو دیکۆمێنتەکان نیشاندەری ئەوەن هیزی پیشمەرگەو پۆلیس لە کاتی ئەم رووداوە جەرگبرەدا ئامادەو لە هاوشانی جەلادە درندەکان راوەستاونو پاسەوانی بەریوەچوونی ئەم رێورەسمی سەنگەسارە بوون. هیزی پیشمەرگە کە لەو ناوچەیەدا ئامادەیە لەسەر خوارکردنەوەی ئالایەکی زەرد ئاسمان بکات بە ئاگر، ئیستا چۆنە لە ئاست ئەم رووداوەدا ئەوەندە سەلارو پابەند بەوە نیشاندەدریت کە ئەو ناوچەیە لەرووی ئیداریەوە سەر بە هەریمی کوردستان نیە؟!! دەسەلاتیك ئەمە دەورو کردەوەی جیگری پاریزگارو پۆلیسەکەی بیت، ئیتر بۆ ئەوە دەشێت دەم لە مەدەنیەتو ئازادیو دیموکراسی بکوتێ؟!!

خەلکی کوردستان 16 سالە لەگەل دەسەلاتی ئەحزابی ناسیونالیستی عەشیرەتیو دژە ژن، دەستو پەنجە نەرم دەکەن، دەزانن لەم 16 سالەدا ئەم حیزبانە بە دەسەلاتو بەیاسای میلیشیایی پشتبەستوو بە کۆنەپەرستی ئیسلامیو بە لە پشتدانی عەشیرەتبازی، جەهەنمیکی گەورەیان بۆ ژنان هەلخستووە، لەم ماوەیەدا هەرکات زەختی زۆریان بۆ هاتبیت بەناچاری هەولیانداوە بە کۆمەلیك لیدوانو هینانو بردنی بەندیکی یاسایی گەردنی خۆیان لەو بەربەریەتەی لە ژیر دەسەلاتی

ئەواندا بەریوەدەچیت ئازاد بکەن. بە لیدوانو جموجۆلی تا ئیستایاندا وا دیارە کە دەیانەوێ کات بکڕن بۆ هیوربونەوەی نەفرەتی خەلكو پاشان چاوپۆشین لەو کارەساتە. ئەگەر زۆریش ناچار بکرین ئەوە بۆ نەجاتدانی تاوانبارە گەورەکان، کە دەسەلاتو بەرپرسانو دینو کلتوری دارزیوی عەشایەریە، رەنگە لە سیناریۆیەکدا تاوانەکە بەسەر چەند دەسکەلایەکی تاوانبارە ئەصلیەکاندا بڕنو تەواو.

خەلکی ئازادیخواز دەبی بە هوشیاریەوە لەم مەسەلەیە بروانو بەمە خۆل نەچیتە چاویان، کارەساتی هارینی جەستەی دوعا بە بەردو پارچە بلۆك، رووداویکی یەکجار وەحشیانەو لەم کۆمەلگایەدا بێوینەو زەنگیکی زۆر خەتەرناکە، ئەم بەربەریەتەی کە دلو ویژدانی ملیونەها ئینسانی ئازادیخوازی هەژاندوە، ئەم تاوانە دڕندانەیە کە بێوینەیە لە کوردستانداو هیچ کۆنەپەرستیك جورئەتی نیە بەرگری لی بکاتو تەنانەت پاساوی بۆ بهینیتەوە، ئەگەر تا ئیستا تەنانەت مەلاو سەرەك عەشیرەتو میرو دەسەلاتدارانیش جەسارەت ناکەن ئەمە وەکو بەشیك لە عاداتو کلتوری ئەم کۆمەلگایە ناوبەرن، بەلام هیچ گومان لەوە نیە کە ئەگەر هەر لە جیگای خۆیدا وەلامی دانشکینی پینەدریتەوەو بەری نەگیرێ، دەسەلاتو ئەحزابو میرو سەرەك عەشیرەتەکانی کوردستان، وەکو هەموو دیاردە قیزەونو دژی ئینسانیەکانی تری ناو ئەم کۆمەلگایە، دەیکەن بە عادەتو دابو نەریتو پاشان بەم نرخە بە خەلکی دەفرۆشنەوە. ئەم رووداوەو سەرهەلدانی ئەم دیاردەیە هەرەشەیەکی گەورەیە نەك هەر لەسەر ژنان بەلکو لەسەر هەموو پیوانەو بەها ئینسانیەکان.

هیچ لەوەش ئاشکراتر نیە کە دەسەلاتو دەستورو یاساکانو دینو کەلتوری دینیو عەشایەری هەموو پیکەوە دەست لە ناو دەست لە پشتی ئەم جۆرە تاوانکاریە بەرامبەر ژنان، راوەستاون. بۆیە یەکەم هەنگاو بۆ بەرگرتنو لە گۆرنانی ئەم بەربەریەتە ئەوەیە کە دەسەلات ناچار بکریت بەبی پاساو هینانەوەو بەهانە دۆزینەوە مسئولیەت بەرامبەر ئەم تاوانە نیشانبدات کە لە سایەیدا روویداوە. دووەم هەموو تاوانبارانی پشتی ئەم کارەساتە بناسینرین، بەوانەی کە دوعایان تەسلیم بە عەشیرەتو بنەمالە کردوە، تا ئەوانەی بریاری بەردبارانکردنی دوعایان دەرکردوەو ئەوانەش کە لە بەردباران کردنیدا بەشداریان کردوە لەگەل ئەو چەکبەدەستانەی دەسەلات کە لە شوینی رووداوەکە ئامادەبوونو وەکو پاسەوانی ئەو مەراسیمە قیزەونە دەوریان دەگیڕا. هەموو ئەمانە دەبی لە دادگایەکی ئاشکرادا دادگایی بکرینو سزای خۆیان وەرگرن. سێیەم دەبی ئەم رووداوە جەرگبرە هاندەری بەریکەوتنی جولانەوەیەکی جەماوەری فراوانو سەراسەری بیت بۆ ئەوەی دین لە دەولەتو پەروەردەو فیرکردن جیابکریتەوەو هەموو ئەو یاساو ریسایانەی کە لە دینەوە سەرچاوە دەگرن هەلوەشینەوە، دین ببیتە کاری تایبەتی ئینسانو دەستی دینو کلتوری دینیو عەشایەری لە سەر ژیانی خەلك کورتبکریتەوەو دەستوەردانی لە ژیانی هاولاتیان قەدەغەبکریت.

3ی ئایاری 2007